

سەفین شوکری

# شانۆگەری

# "بەتەنها....مردنە کەدرۆناکات"

کامەران

ئەم شانۆییەلەسەر دوو هێڵی سەرەکی کاری کردبوو کە بە لای دەرهێنەرەوە گرنگترین هێڵن بۆکاری هونەریی ئەوانیش"مەرگ و ژیان"ە بۆیە بەدرێژایی نمایش ئەکتەرەکان لە گفتو گۆیەکی بەردەوام دابون لە سەر ئەم دوو هێڵە، سەرەتا گەر لەتێکستەوە ئێمە لەسەر ئەم نمایشە قسەبکەین ،دەتوانین بڵێین دەرهێنەر هەوڵێکی فرەلایەنی داوە بۆ کاری ئامادەکردن ،چونکە وەك دەزانین بنەماکانی دەقێکی شانۆیی بنەمای تایبەتن ورەنگە قورس بێت دەرهێنەرێك پەنابەرێتە بەر ئامادەکردنی دەقێکی شانۆیی لە چەند شانۆنامەو شیعرێکی فۆرم جیاوازەوە، چونکە بنەمای ئە ڕەگەزە ئەدەبیانە لەیەکتر جیاوازن ،بۆوەلامی ئەمە دەرهێنەر دەڵێت" ئەمەی تۆدەڵێیت ڕاستە بەلام من تەنها بۆشیعرەکانی پۆشکین سودم لەزمان بینیوە ،چونکە زمان لە شیعردا تاکە پارێزەری بنەمای ئیستاتیکیانەی بابەتە ، بۆچیرۆك و بابەتی نمایشەکە زۆرسودم لەم بنەمایە وەرگرتوە،جگە لەم حاڵەتە جوگرافیای ڕوداو لەشانۆی مۆدێرندا بنەمایەکی سەرەکیە بۆ ڕودانی سەرجەم ڕوداوەکان،بەتایبەتی ئێمە گەرنەزانین شوێن چ شوێنێکە ڕەنگە قورس بێت وێنەی ڕوداوەکان ببینین ،بۆیە ئەم نمایشە سەرجەمی ڕوداوەکانی لە باڕو چێشتخانەیەکی مۆدێرندا ڕودەدات کە چەند گەشتیارێك بە ڕێکەوت یەکتر دەبینین وکۆی چیرۆکی شانۆنامەکە لەم یەکتر بینینەوە دروست دەبێت ، ئەم هەڵبژاردنەبەتایبەتی بۆ دروسکردنی چیرۆکی ئەو مەرگەی کە دەرهێنەر باسی لێوەدەکات شتێکی پڕ بایەخە، بەتایبەتی ئەو شوێنە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا شوێنێکی گرنگە بۆبینینی ڕوداوو گفتوگۆی شتە ڕۆژانەییەکان،سەبارەت بەشوێنی ڕوداو لە نمایشەکەدا دەرهێنەر دەڵێت "شوێن لەم شانۆگەریەی مندا تاڕادەیەك دیارو هەست پێکراوە بەجۆرێك بینەر لەیەکەم بینینەوە دەزانێت ڕوداوەکان لەکوێدا ڕودەدەن،ڕاستەمن هەوڵم دالەیەکەم قۆناغی ئیشکردنمەوە کار لەسەر سڕینەوەی ناشوێن بکەم لەم نمایشەدا،

چونکه وەك خۆت دەزانیت زۆرێك لەو نمایشانەی ئێمە لەماوەی ڕابردودا بینیومانە گرفتی مەنفا بونی شوێنی هەبوە ،چونکە دەرهێنەر نەزانێت شوێنی ڕودانی نمایشەکە کوێیە لەکویٚ دەتوانێت وێنەی شوێن بکێشێت ؟؟

لەلایەکی ترەوە ، بارەکان ئەو شوێنەیە کە لەیادەوەریی ئێمەدا پێگەیەکی بەهێزی هەیە ،بۆیە زۆرجار تاکی ئێمە لەسەر مێزی نانخواردن کێشەو گرفتە ڕۆژانەیەکانی دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە ،ئەم چەمکە لای من و لەم نمایشەدا زۆر کاری لەسەرکراوە ،دەبینین زۆرێك لە ڕوداوەگرنگەکانی نمایش لە سەرمێزی نانخواردن ڕودەدەن"

لە کۆی کەشی نمایشدا بینەر هەست بە ڕەشبینیەکی زۆردەکات ،بەتایبەتی بەرامبەر بەمەرگ ،ئەوەتا چەندین جار دەوترێت مەرگ کۆتایی بە هەموو پێکەنینەکانمان دێنێت ،مەرگ کۆتایی هەموو شتەکانە، بەتەنها مردنە ڕاست دەکات....هتد دیارە ئەم دەستەواژانە دیدێکی وجودیانەیە بۆ کۆی بیرکردنەوەو تێڕوانینەکانی مرۆڤ، سەبارەت بەم هەستەش دەرهێنەر دەڵێت" من ئەوە بۆچونمە لەسەر مردن خەڵکی تر ئازادە من بەئەزمونی ژیانی خۆم ونزیکەی 7ساڵ لە ئەوروپاو مامەڵەکردنم لەگەڵ زۆرێك لەشتە گرنگ و پڕبایەخەکانی ژیان بۆم دەرکەوت ژیان هیچ نیە جەلەویستگەی یەکەمی مەرگ نەبێت ،ئەولەهەمو دەرگاکانەوە دێتە ژوریٚ و ئێمەش جگە لەتەماشاکردن هیچی ترمان لەدەست نایەت ،ئیدی منیش هەرئەمەندەم لەدەست دێت گوزارشتی لێبکەم و تەفسیری بکەم چەند ئەم مەفهومە گەیشتبێتەبینەرئەوەیان لای ئێوە دەردەکەوێت....

شانۆگەری "بەتەنها....مردنە کەدرۆناکات"ئێوارەی 7/7وبۆماوەی سیٚ ڕۆژ لە هۆڵی سلێمانی پێشکەشکرا ،ستافی نمایشەکەش بریتی بون لە "سەرکۆعارف،دڵشاد نوری ،زەریا سامی،ڕۆژان محەمەد،جەبار حەسەن" وئامادەکردن و دەرهێنانی سەفین ئەنوەرشوکری، دیارە ئامادەکردنی شانۆییەکەش لە چەند تێکستێکی سمۆئیل بیکێت و هارۆڵد بنتەرو قەسیدەیەکی پۆشکینەوە ئامادەکرابوو ..



ستافی

شانۆگەرییەکە